# مامۆستا عەلی باپیر لەگفتوگۆیەکی بێ سانسۆردا

**من ئێستا دان بەوەدا دەنێم کەئێمە لەو ئاستەدا نین،**
**هەندێکمان شتی وادەکەین ئیسلامی پێ ناشرین ببێتو دەمی خەڵك لەئیسلام بکرێتەوە**
**مامۆستا کرێکاریش کەدەیزانی وەزعی چۆنە، دەبوو دووربینانەترو وریاتر بێت**



مامۆستا عەلی باپیر ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی لەم لێدوانەدا کەفرەبابەتو فرەلایەنە، بۆ مانگنامەی (بەدرخان) دوا، کە مانگنامەیەکی هونەریی رۆژنامەوانیی گشتیی ئازادە و لە شاری سلێمانی دەردەچێت بەڵام لە تۆڕی ئینتەرنێتدا نیە.. چەند لاپەڕەیەکی ژیانی خۆیو بۆچوونی سەبارەت بەهەندێك بابەت دەخاتەڕوو.. (بەدرخان) جگە لەهەندێك دەستکاریی کەمی زمانەوانی، وەك خۆی دەیخاتە بەردەستی خوێنەرانی. ئەم لێدوانە رۆژی شەممە رێکەوتی ٢٠٠٢/٩/١٤ ئەنجامدراوە. دیداری: حەمید ئەبوبەکر و کاروان ئەنوەر

*حەزدەکەین بەخوێنەرانی مانگنامەکەمانی رابگەیەنیت منداڵیت چۆن بەسەربرد؟ منداڵێکی هێمن بوویت یان منداڵێکی هاروهاج؟

- بسم الله الرحمن الرحيم.. الحمد لله والصلاه والسلام على رسول الله محمد وصحبه وىَله.. پێشەکی بەخێرهاتنتان دەکەم، دیارە من لەساڵی ١٩٦١ ز لەدایك بووم لەناوچەی پشدەر، ئەوەی لەیادمبێت یان بۆیان باسکردبم، منداڵێکی هاروهاج نەبووم، بەڵام روحی تێکەڵیم هەبووە لەگەڵ منداڵان، خۆیشم لەبیرم بێت کەیفم لەشەڕو ئاژاوە نەهاتووە لەنێو جەوانیو هەرزەکاری، لەیادمە کەمنداڵانی گەڕەك هەندێك شتیان دەکرد، وەك بەدوای سەگی هار کەوتن یان دزییکردن لەباخو بێستانی خەڵك، خۆم لەو شتانە دەپاراست، ئەوەی لەبیرم بێت بەمنداڵی زوڵمم قبووڵ نەکردووە، قسەی خۆمان بێت ئەگەر جاری واش هەبوبێت بەدوو سێ کەس هاتبن بۆم توانیومە بەرگری لەخۆم بکەم. بۆ مەسائیلی خوێندن، هەر لەسەرەتاییەوە خولیای خوێندنەوەم هەبووە، یەکەم کتێب جگە لەکتێبی خوێندنگە، کتێبێك بوو بەناوی (شێری ساختە) کەخوێندمەوەو لەبەرمکرد، لەخوێندنیش هەردەم پلەی یەکەمم دەهێنا، ساڵێك نەبێت کوڕی حاکمی شارەکەیان کردە یەکەم.

*هەست دەکەیت ئەوە یەکەم جاربێت زوڵمت لێکرابێت لەژیانتدا؟

-نەخێر.. لەپۆلی یەکەمی سەرەتاییش زوڵمێکی ترم لێکرا، لەسەر لەبەرکردنی ناوی مانگەکان کەتەنها من لەبەرم بوو، مامۆستاکە لەهەموویانی دا بەدارو زللەیەکیشی لەمنداو وتی" بۆچی بەتەنها تۆ لەبەرت کردووە، بەهەرحاڵ زوڵم ناخۆشە. *مامۆستا، ئەگەر دوو بەروارت لەبەربێت: یەکەمجار کەی نوێژت کرد؟ ئەویتر، یەکەمجار کەی دەستت بەر چەك کەوت؟

-بەنیسبەت ئیلتیزاماتی دینییەوە، وەك باسیان بۆ کردووم، پێش ئەوەی بچمە قوتابخانە رۆژووم گرتووە، بۆ نوێژکردن لەپۆلی پێنجەمی سەرەتایی بووم، وادەزانم بەفیترەت ئادابو خولقم زۆر لەدینەوە نزیك بوو، بەنیسبەت چەك، یەکەمجار

www.kurdistannet.org

دەمانچەم هەڵگرت، ئەویش ساڵی (١٩٨١) لەحکومەت قاچاغ بووم، دەمانچەیەکی سمس بوو. *ببورە چۆن لەڕژێم قاچاغ بوویت.. بۆچی؟

-لەدووی ناوەندیی ئیسلامی تاشەشی ئامادەیی لەسلێمانی خوێندم، دیارە کەچووینە کۆلێژ پلەی یەکەمم بەدەستهێنابوو، من دەمتوانی بچم بۆ کۆلێژی ئاداب، بەڵام چوومە کۆلێژی فیقهی نەجەف بۆ ئەوەی لەمەزهەبی شیعە شارەزابم، لەوێ ساڵی یەکەمم تەواوکرد، گەرمەی شەڕی عیراق–ئێران بوو، دیارە من ئەو کاتە چالاك بووم.
*هیچ پەیوەندیت هەبوو بەگروپ و تاقمێکی ئیسلامییەوە، یان وەك خۆت دەڵێیت هەر بەغەریزە؟

-من هەر لەیەك و دووی ناوەندییەوە کەوتمە جموجووڵی ئیسلامی وەك خۆم، دیارە من لەخوا بەزیادبێت کاریگەربووم تا کارتێکراو، ئەو کاتە ڕێکخراوێکی ئیسلامی نەبوو جگە لەبرایانی ئیخوان کە لەساڵی حەفتاوە خۆیان حەل کردبوو تا ڕاپەڕین دەستبەکار بوونەوە، ئیتر چۆن خۆیان حەلکردبوو، بەڵگەی شەرعییان چی بوو؟ ئەوە بەسەرهاتێکی ترە، من لەساڵی یەکەمەوە هەر زۆر چاودێریی دەکرام، چاودێرەکەم هات بەمنی وت کەئاگام لەخۆم بێت و پێش نوێژی نەکەم و هاتوچۆی ئەندامانی حزبی عەمەل نەکەم، وتی ئەوانە حزبین، یەکێکی تر سەرۆکی یەکێتیی قوتابیان بوو هات وتی“ نزیکەی بیست ڕاپۆرتت لەسەر دراوە، کەساڵی دووەم چوومە کۆلێژ هەر ئەو کەسە هات بۆ لام و وتی“ هەر پێت بزانن دەتگرن، دیارە ئیتر منیش قاچاغ بووم، کەگەڕامەوە ڕانیە، لەویش موختار هات و پێی وتم کەمن قاچاغم، بۆیە ئیتر بەدیوی سەرگەڵوو بەرگەڵوو مەرگەدا نەشارەزایانە ملی ڕێم گرت و ئیتر لەودیو دەستگیرکرام..

*واتە ئەوکات ڕژێمی ئێران تۆیان دەستگیرکرد؟

-بەڵێ ڕژێمی ئێران.. ئەوکات بەرپرسی ئەو پاسگایە بەمنی وت من هەرشتێك ڕیشی هەبێت ڕقم لێیەتی، گیسکێك بەسترابووەوە لەوێدا، وتی“ ڕقم لەو بزنەیشە، چونکە ڕیشی هەیە، دیارە مەبەستی لەخومەینی بوو، پاشان بەردرام.. لەناوچەی سەردەشت لای برادەرانی حزبی دیموکرات تووشی کێشە بووین و شەش مانگێك لەئێران مامەوە، ئیتر گەڕامەوە هەولێرو ئیمتیحانی مەلایەتیمدا بەئینتیداب. *ببوورە مامۆستا، تۆ کەقاچاغ بوویت، چۆن گەڕایتەوە بندەستی ڕژێمی عیراق؟
-ئەو کاتە یاسایەك هەبوو هەرکەس ئیمتیحانی مەلایەتی بدایەو دەربچوایە دەیانکرد بەمەلا، چونکە من سەربازیم نەکرد، بەڕاستی وردیاتەکەم هەموو لەبیر نییە، بەڵام ئیتر ئەو یاسایە هەبوو، لەبەغدا ئیمتیحانم داو بەمەلا لەمزگەوتی نەورەس لەڕانیە دامەزرام، پاشان ڕژێم تێی هەڵپێچامەوە، ئەو کاتەش لەگەڵ برادەرانی یەکێتی نێوانمان تەواو نەبوو.

*کەدەڵێیت ئێمە مەبەستت لەئێمەیە یان لەتۆ بەتەنها؟

-وەڵڵا من.. لەهەر شوێنێك بووبم کۆمەڵێك خەڵکم لەدەوربوو.

*واتە تاقم یان گروپ نەبوون؟

- نەخێر، بەڵام خەڵکانێك خۆشیان دەویستم لەمەلاو لەقوتابیو.. *ناوتان چی بوو؟- ناومان نەبوو، من بووم و کۆمەڵێك خەڵکی تر، لەدووی ناوەندی لەسلێمانیش قسەی خێرم بۆ دەکردن، ئەو کاتە باری ئیسلامی زۆر لاوازبوو.

*چۆن تێکەڵاوی دنیای سیاسەت بوویت؟ ئەوەمان زانی وەك غەریزە ئیشت دەکرد، بەڵام چۆن تێکەڵی پرۆگرامەکە بوویت؟

-ئیسلام عەقیدەیە، ئیمانە، ئەخلاقە، دیفاعو بەرگریکردنە لەخەڵك، ئیسلامیش ئەوەیە، ئیسلام هیچ کاتێك شەریعەتو عەقیدەو حوکمو حیکمەت، سیاسەتو عیبادەتو مزگەوتو بازاڕ جوودا ناکاتەوە، ئەگەر نا ناگونجێت مرۆڤ موسڵمان بێتو سیاسیی نەبێت، موسڵمان بێتو نیشتمان پەروەر نەبێت، لەئێران گەڕامەوە، زۆر دەگەڕام بەسەر شارو ناوچەکانداو وتارم دەخوێند، زۆرجار بێ پەردە هێرشم دەکردە سەر بەعس، جا کەجەنابت دەفەرمووی لەکەیەوە دەستت بەسیاسەت کرد، سیاسیی هەکەسێکە خەمی کاروبارو میللەتی خۆی بخوات.

*من مەبەستم ئەوەیە لەکوێداو لەکەیدا ئیعلانی پرۆگرامێك کرا؟ تۆ خۆت کردت یان چوویتە ناو تاقمێکی ترەوە؟

-مامۆستا دەتوانیت بفەموویت لەکەیەکەوە دەستت بەکاری ڕێکخراوەیی کرد؟.. ئێمە لەکۆتایی حەفتاکاندا لەگەڵ هەندێك لەبرادەران لەوانە" مامۆستا عەبدولڕەحمانی نەورەسی، مامۆستایانی هەڵەبجەو مامۆستا شێخ محەمەدی بەرزنجی کەقۆناغێك دواتر ناسیم، دادەنیشتین بیرمان دەکردەوە کەشتێك بکرێت، ئەو کاتە دوای شکستی شۆڕشی ئەیلول کەناویان لێنا هەرەس، فەراغێکی سیاسیی و کۆمەڵایەتی دروستبووبوو، بەڵێ برادەرانی یەکێتی دەستیان بەخەبات کردبوو، خەڵکی تر هەبوون، ئێمە وەکو خەڵکێك کەدەمانوت دەبێت لەچوارچێوەی ئیسلامدا، دەبێت چەترێك هەبێت، دواتر لە (٨٣و٨٤) کەمن هاتمەوە لە (سەرسیان) بەمەلایەتی دامەزرابووم دەستمان کرد بەبنیاتنانی نەواتێکی ڕێکخراوەیی، لەهەولێر مامۆستا عەبدوللەتیف بەرزنجیو کاك کامیلی حاجی عەلی هەڵەبجەییو مامۆستا مەلا محەمەدی مەلا بەها، باوکی مامۆستا سەلاح، ئەو ریش سپیمان بوو، لەهەڵەبجە ساڵی (١٩٨٣) لەماڵی مامۆستا مەلا محەمەدی مەلا بەها لەهەڵەبجە کۆبوونەوەیەکمان کرد، لەو کاتەوە ئێمە ناوێکی ئاشکرامان نەبوو، هەرچەندە ئێستا دەڵێن" لەساڵی (1978)بزووتنەوەی پەیوەندیی ئیسلامی هەبووە، ئەو کاتە من ماڵم لەسەرسیان بوو، بەینی خۆمان بێت بەینم لەگەڵ برادەرانی یەکێتی تەواو نەبوو... کتێبی (ئیسلامو ڕێچکان) م دەرکرد، برادەران پێیان ناخۆشبوو، ئیتر دوای تۆزێك هەڕەشەو گوڕەشە، من ماڵەکەم لەڕانیە گواستەوە. لەسەرسیان دووجار مدیری ئەمن هات بۆ لامو دەعوەتی کردم بەفێڵ.. من نەچووم، لەوێش ئیتر ماڵم گواستەوە بۆ گەڵووی ماخو بزنان، لەکۆتایی (1985-1986-1987)بەرپرسی فەوجە خەفیفەکان هاوکارییان دەکردین، دیاربوو پاش ئەوەی دوای ڕاپەرین لەمەنزوومەی ئەمنی شیمالی هەندێك شتمان بەردەست کەوت کەداوای گرتنی منیان کردبوو.

*ئەی ئەو ناوچە ڕزگارکراو نەبوو کەتۆی لێبووی؟

-نەخێر لەژێر دەسەڵاتی حکومەت بوو، ئەو مودیری ئەمنەش ناوی نەقیب ئەنوەر بوو، هات بۆ لامو وتی: وەرە ئامۆژگاریمان بکەو ئیتر دیاربوو یەکێکیان لەدەمی دەرچوو وتی دەبێت هەربێیت، دوای بگرەو بەردە، وەعدێکی تەواوم نەدا، ئیتر مەجلیسەکە یەکێك دەیوت بچۆ یەك دەیوت مەچۆ، ئیتر ئەوە بوو چووم لەگەڵووی ماخۆ بزنان شەوێك هاتن بمانگرن ئیتر ئەوەبوو ماوەیەك ئیختیفا بووم لەڕانیە تا مانگی6) و٧) ی ساڵی (١٩٨٧) ئیتر ئەوسا لەبناری قەندیل هێزی (حەمزە) مان دامەزراندو بووم بەفەرماندەی هێزی حەمزەی سەر بەبزووتنەوەی ئیسلامی.

*دەتوانین بڵێین یەکەم گرووپی ئیسلامیی چەکدار ئێوەبوون لەهێزی حەمزەو ساڵی (١٩٨٧) ؟

-نەخێر لەپێش ئێمەدا ڕێکخراوی لەشکری ئیسلامی دروستبوو، بەڵام دوای ئەوە کەیەکێتی چەکی کردن لەساڵی (1981/1982)یەکێك لەمەسئولەکانم بینی وتم: ئێوە نە لەشکربوون نەئیسلامی بوون، ئەگینا چۆن وا زوو چەکدەکران، پێش بزووتنەوەی ئیسلامی، بزووتنەوەی پەیوەندیی ئیسلامی هەبوون، ئەو ساڵە (١٩٨٤/١٩٨٥) کەمامۆستا شێخ



www.kurdistannet.org

محەمەدی بەرزنجیو ئەوان چوونە دەرەوە لەگەڵ مامۆستا عەبدولڕەحمان نەورەسی هێزی عەسكەرییان پێكهێنا بەناوی لەشكری قورئان، لەشكری قورئان باڵی سەربازیی بزووتنەوەی پەیوەندیی ئیسلامی بوو، من ئەوسا عەقڵم نەیدەبڕی بچینە دەرەوە دەموت خەباتی شارو پێگەیاندنی خەڵكمان زۆرماوە، من ماڵەكەم لەماخۆ بزنان بوو، پاشان مامۆستا شێخ لەتیف بەرزنجی كەچووە دەرەوە مامۆستا شێخ محەمەد شوێنی خۆی دا بەو، ئیتر بوو بەڕابەری بزووتنەوە لە (١٩٨٧) كەئێمە لای خۆمانەوەو مامۆستا مەلا عوسمان لەهەڵەبجەوە ڕۆیشتینە دەرەوە، ناوی بزووتنەوەی پەیوەندیی ئیسلامیمان گۆڕی بەبزووتنەوەی ئیسلامی، وتمان ئەو پەیوەندییە چییە با لێی بكەینەوە، پاشان فراوانتربوو، پێش هێزی حەمزە هێزی خالد هەبوو، هێزی فاروق هەبوو دواتر هێزی (صلاح الدین) و نصرو شافعی هەبوون.

*هەستناكەیت دروستبوونی ئەو هێزانە (ئیسلامی) ماوەیەكی زۆری پێچوو، بەڵام لەدوای ڕاپەڕینەوە بۆ ئەمڕۆ، دروستبوونو گروپاندنو لەتبوون زۆر زیادی كردووە، ئێستا چەندین تاقم لەپڕ هەڵدەتۆقێو دروست دەبێتو دوایی یەكدەگرن، تۆ لەم جووڵەیەدا هەست بەچی دەكەیت؟

-هەست بەوە دەكەم ئەو كاتە زوڵمی ڕژێمی بەعس بەجۆرێك بوو خەڵك هاندەری بەهێزی هەبوو، كەدەست بداتە چەك لەو كاتەدا، بەڵێ بەسستی دروست دەبوو، بەتایبەتی بۆ لایەنی ئیسلامی، چونكە ئەزموونێكی نوێ بوو، كەئیسلامی چەكی پێببێت، زۆر دەگەڕاین كەدەمانوت ئێمە پێشمەرگەین، زۆریان پێ سەیر بوو، كەپێشمەرگە بێتو پێش نوێژی بكات بۆ خەڵكو حزبی بێتو ئیسلامی بێت زۆر عەجایەب بوو تەنانەت خەڵكی خۆمان، كوڕیان كەدەهاتە ناو ئێمە دەهاتن دەیانبردەوەو دەیانوت وەرنەوە لەماڵەوە نوێژ بكەنو خۆ ئیسلام پێویستیی بەچەك نییە ئیتر هەندێك مەفاهیمی ناڕاست لەمێشكی خەڵك چەسپیوە كەدەبێت پیاوی موسڵمان مێش لەدەمی خۆی دەرنەكاتو تا ئەو مەفاهیمانە ڕاستبووەوە كاتی پێچوو، كەپیرەژنێكی یان پیرەمێردێك دەردەكەوت دەمانوت ئەو ئێستا دێتو كوڕەكەی دەباتەوە، خەڵك وایدەزانی ئیسلامو كوردایەتی شتێكی سەیرە. ئەو كاتە ڕێشكاندن زۆر زەحمەتبوو، ئێستا ڕێگاكە تەختەو خەڵك زۆرە.

*ئێمە كەخەڵكی سادە دەدوێنین لەوبارەیەوە بەیەك ڕستە وەڵامدەدەنەوە كەدەڵێن ئەوسا جادەكەی تەسك بوو بۆیە بەزەحمەت دروست دەبوو، بەڵام ئێستا جادەكەی پانە.. !

-بەڵێ ئەوە لەلایەك، بەنیسبەت ئیتیجاهی ئیسلامی ئەو شتانەی كەدیاریكردووە، تا ئەو مەفاهیمانە چەسپا زەحمەت بوو، بەڵام برادەرانی عەلمانیو قەومی ئەو موشكیلەیەیان نەبوو، ئێستا هەندێك شت دەبینیت لەو گۆڕە هەڵدەتۆقێت بەناوی ئیسلامەوە، ئەوە شتێكی ترە، چاولێكەریی خەڵكە، ڕەنگدانەوەی ئەزموونی خەڵكی ترە، هەندێكی سوود وەرگرتنە لەكەشو هەوای ئازادی، ڕەنگە ئیمكانییەتێك هاتبێتە دەستو خەڵكیش بۆ سەر جادەی تەخت لەگەڵت دێن، بەڵام هەرلایەنێك دەكەوێتە قەیرانەوە ئایا دەبێت ئەو قەرەباڵغییەی بمێنێت؟ بێگومان نەخێر.

*ئەگەر لێت بپرسمو بڵێم: مامۆستا عەلی باپیر چۆن سەیری پێشكەوتنی كۆمەڵگە دەكات، چۆن وەڵامم دەدەیتەوە؟

-ئەو پرسیارە دەبێت دیاریی بكرێت.. كام كۆمەڵگە؟ ئەگەر كۆمەڵگەی موسوڵمان بێت، ئەوە میكانیزمی تایبەتیی هەیە، بۆ وێنە لەكۆمەڵگەی ئەوروپیدا ئەوەبوو لەكڵێسە ڕزگاریان بێت، لەبەرئەوەی لەدینەكەیاندا تیۆری سیاسی نەبوو، تا وردە وردە توانییان شتێك بكەن ئەمڕۆ لەدیموكراسیدا خۆی دەبینێتەوە، لەنێو میللەتی موسڵماندا ئەوەیە كەباشو بەڕاستی لەدینی خوا شارەزابێت، هەرچی هۆكاری بەختەوەرییە هەیە بۆ تاكو بۆ كۆمەڵ سەقامگیر دەبێت، بۆیە من پێم



www.kurdistannet.org

وایە ئیسلام بەو شێوەیە کە خوا ناردوویەتی نەك ئەوەی شێخێکی عەوام دەیڵێت، هەر نەبێت ئێمە دەوڵەتێکی ئیسلامیی تەمەن (1300)ساڵمان هەیە، چ شارستانییەتێك ئەوەندە بەردەوام بووە؟ بۆچی ڕۆشنبیران لەسەر ئەمە ناکۆڵنەوە کەچی ناوو ناونیشانی هەمووئیشەکانی بیانییەکانیان لەبەرکردووە؟ من جارێك بەبەرپرسێکی لایەنە عەلمانییەکانم وت" هەر هیچ نەبێت بۆ ڕەخنەگرتنیش بێت، شتێك لەقورئان فێربن، ئەویش ئایەتێکی بەهەڵە بۆ من خوێندەوە. کەواتە بۆچی (تخصص) نەبێت تیایدا؟ پێشکەوتنی میللەتی ئێمە پابەندە بەو قورئانەوە، بەدەردی پەندە کوردییەکە دەڵێت" ماڵیان پڕبوو لەڕازیانە منداڵیان بەسك ئێشە دەمردن.

*بەرزەخێك هەیە لەنێوان ئێوەی ئیسلامی سیاسیو خەڵك، وایکردووە کەتێکەڵی دروست نەبێتو حەزەرێکتان لێبکرێت، ئەمە چ هۆکارێکە کەئەو دیوارەی دروستکردووە لەنێوان ئێوەو خەڵکدا بەگشتی؟

-بابۆت ڕاستبکەمەوە، ئیسلامی سیاسیو غەیرە سیاسی نییە، یەك ئیسلاممان هەیە ئەوە پێی دەوترێت سیاسەتی ئیسلامی نەك ئیسلامی سیاسی، بەشێك لەو ئیسلامە سیاسەتە بەشێکی ئابوورییە، بەشێکی عەقیدەیەو.. هتد. من پێموایە هۆی ئەو لێك نامۆبوونەمان لەکوردستانی ئێمەدا، ئێمە وەك ئیسلامی تێیدا کەمتەرخەمین هەم لایەنی بەرامبەر، ئێمە وەك ئیسلام لەئاستی ئیسلامدا نین، چ بەتیۆری یان بەپراکتیکی، زۆرکەس کەهەڵەی ئێمە دەبینێت وادەزانێت ئیسلام ئەو هەڵەیەی کردووە، دەڵێم با خەڵك بەهۆی ئێوەوە ئیسلامی لەبەرچاو نەکەوێت، زۆر جێگا بەهۆی کەسانێکەوە ئیسلام دەستی گەیشتووەتێ نەك بەفتوحات، وەك باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیاو ئەفریقیا، من ئێستا دان بەوەدا دەنێم کەئێمە لەو ئاستەدا نین، هەندێکمان شتی وادەکەین ئیسلامی پێ ناشرین ببێتو دەمی خەڵك لەئیسلام بکرێتەوە. لەلایەنی بەرامبەریشەوە کەمتەرخەمی هەیە، برادەرانی ڕۆشنبیرمان ناچن لێکۆڵینەوە بکەنو بڵێن بۆچی ئیسلامییەکان لێمان بەگلەیین، برادەران وەك مۆتەکە باس لەدەوڵەتی کوردیی دەکەن، کورد چیی لەخەڵك کەمترە؟ ئێمە گلەیی ئەوەمان لەبرادەرانی عەلمانی هەیە، کە لەژێر کولتووری فەرهەنگی بێگانەدان، بائێمە بەکوردیی بیربکەینەوە لەمەسەلەی نەتەوەیی، باوەك کێشەی حزبی شیوعیو حزبی تودەمان لێ نەیەت، هەندێك لەبرادەرانمان باسیان لەئوممەییەت دەکرد نەك لەدەوڵەت.

*لەیەکێك لەوتارەکانی ڕۆژی هەینیدا، تۆ وتت: "پێش ڕاپەڕین خوای گەورە شرینقەیەکی غیرەتی لەگەڵ کورد دا".. زۆر بەئاواتەوە بووم یەکتر ببینینو ئەو پرسیارەت لێبکەم مەبەستت لەو شرینقەی غیرەتە چییە؟

-ئێمە پێمانوایە وەك موسڵمانو لەڕوانگەی ئیسلامەوە هەر گۆڕانکاریو کارەساتو ڕووداوێك لەم دونیایەدا، ئەسبابو هۆیەکان هەیە، بەڵام لەپشت هۆیەکانەوە کەسێك هەیە هەموو هۆیەکانی بەدەستە، ماوەیەك پێش ڕاپەڕین کەس بەڕاستی ئومێدی نەمابوو. لەکاتێکی چاوەڕوان نەکراودا بوو موعجیزە ئاسابوو، بەڵێ ڕێکخراوەکان دەوریان هەبوو، بەڵام ئەوەی کەکرا، پێموابوو ئەوە غیرەتێکی خوایی بوو، زەمینە زۆر لەباربوو بۆ ئەو غیرەتە، بەڵام وەك گۆچانەکەی پێغەمبەر سلێمان (ع) وابوو، ئەو کاتە ڕژێمی بەعس وابوو، بەڵام ئەوە تەحلیلی ئێمەیە" ئەوە غیرەتێکی خوایی بوو، هەر ئەو کەسانەی چەکداری ڕژێم بوون هەر ئەوانە بوونە سەرقافڵەی ڕاپەڕین..

*جارێکی تریش هەر وتت ئێمە ئەم حکومەتەی ئێستا بەموەقەت دەزانین، دەبێت میللەتی موسڵمان شەریعەتی ئیسلام حوکمی بکات، چۆن بەموەقەتی دەزانن، یانی ئێوە بەم دەسەڵاتە قایل نین؟

-پێموایە میللەتی موسڵمان کاتێك دەیسەلمێنێت کەموسڵمانە عەقیدەکەی ئیسلامی بێت، هەڵسوکەوتی ئیسلامی بێت، بازرگانیو سەوداو مامەڵەی بازرگانیو شتی تری ئیسلامی بێتو حوکمی ئیسلامی بێت، دەبێت هەموو



www.kurdistannet.org

شتێكی لەدینی ئیسلامەوە سەرچاوە بگرێت، من زیاتر ئاوام وتووە، حاڵەتێكی نائاساییە ئیتر چەند دەوام دەكات‌و دەوام ناكات، من نەك هەر كوردستان، بۆ میسرو توركیاو پاكستان‌و وڵاتانی تریش هەمان هەڵوێستم هەیە..

*ئەمشەو هەواڵی دەستگیركردنی (مەلا كرێكار) پەخشكرا، حەزدەكەم هەستت بزانم لەو ساتەدا كەگوێت لەهەواڵەكە بوو؟

-نەك هەر مامۆستا مەلا كرێكار، هەر موسڵمانێك، هەر ئینسانێك، پێم خۆش نییە تووشی نارەحەتی‌و دیلی‌و زەلیلی ببێت. بەتایبەتی كەدەبینین ئەمریكا جاڕی شەڕی داوە دژ بەئیسلام، پێمان وایە كەئەو ئیعلانی جەنگە بەوانەوە ناوەستێت كەناویان لەلیستەكەدایەو بەدڵنیاییەوە بۆ مامۆستا كرێكارو خەڵكی تریش پێمان ناخۆشە كەبریندارو نارەحەت بكرێن، پێمان وایە مامۆستا كرێكاریش كەدەیزانی وەزعی چۆنە، دەبوو دووربینانەترو وریاتر بێت، نەدەبوو منداڵەكانی لەنەرویج بێت، یان نەدەبوو خۆی بچێتەوە، ئەوەش نابێتە پاساوی ئەوەی كەئەمریكا خەڵك بچەوسێنێتەوە، پێشم وانییە ئەو تۆمەتانەی بۆ مامۆستا كرێكارو بۆ ئەو تاقمەی كەمامۆستا كرێكار لێی بەرپرسیارە، هیچ دەلیل‌و بەڵگەیەكمان بەدەستەوە نییە كەئەوانە پەیوەندییان هەیە بەقاعیدەوە، بەڕاستی هەتا ئێستا بەڵگەیەكمان نەكەوتووەتە بەردەست كەئیسپاتی ئەو دەعوایانە بكات.

*ئەگەر بەشەریعەتی ئیسلام حوكمی كوردستان بكرێت، لەم قۆناغەدا بەهەموو بارە سیاسی‌و ئیقلیمییەكانەوەو سەرباری سیاسەتی جیهانی. خەڵك لەكامیاندا زیاتر ئاسوودەتر دەژی، ئێستا یان ئەوكاتە؟ واتە ئەگەر تەرازووەكە لەدەستی ئێوەدا بێت بەبەراورد لەگەڵ ئەمڕۆدا كامیان خەڵك زیاتر بەختەوەر دەكات؟

-شەریعەتی ئیسلامی كاتێك پیادە دەكرێت، دەسەڵاتێكی شەرعی هەبێت، هەڵقوڵاوی كۆمەڵگەیەكی ئیسلامی، لەبەرئەوە ئێمە ئێستا پێشمان بگوترێت فەرموو حوكم بگرنە دەست، مەرج نییە ڕازی ببین، چونكە كۆمەڵگەی ئیسلامی تەعامولی لەگەڵ عالەمی غەیبدایە، بۆیە پێغەمبەر (د. خ) (١٣) ساڵ تەحەمولی ئەو هەموو ئازارەی كردو لەمەككە جاڕی حوكمی ئیسلامی نەدا لەبەرئەوەی قاعیدەی جەماوەریی نەبوو. خاڵێكی تر هوشیاربوونەوەیە لەهەڵس‌وكەوت‌و ئەخلاقیات، دەبێت بەو قۆناغانەدا بڕوات‌و ئەوسا میللەتی كورد بڕیاردەدات شەریعەتی ئیسلام پیادە بكرێت، بەڕاستی ئەو دوو ئیدارەیە ئێستا هەیە، ئیدارەی دوو حزبن، وەك چوارچێوەو ئیدارە باشە، بەڵام هەموو ئیمتیازاتەكان بۆ ئەندامەكانی ئەو دوو حزبەیە، حكومەت خەم لەمیللەت دەخوات‌و حزب خەم لەئەندامانی خۆی دەخوات، ئەگەر حوكمی ئیسلام بێت، دەبێت بەیەك چاو سەیری ئەندامەكانی كۆمەڵ بكات، لێرەش‌و لەوێش هەردوو ئیدارەكە حوكمی حزبە، كەی ڕای خەڵك وەرگیراوە، حزب قەراردەدات تەنها.. لەڕووی ئابووری هەموو میللەت هاواری سكی دەكات، هەیە لەبەر تێری‌و هەیە لەبەر برسێتی، ئێمە لەشاخبووین باسی ڕەش‌ورووت‌و پرۆلیتارمان دەكرد، كەچی ئێستا ئیمتیازاتەكانیش دەدرێن بەوەی كەپارەی زیاترە، ئەمە لەكیانێكی ئیسلامیدا ئەوەی تێدا بەدیی ناكرێت‌و ئەوانە هەمووی دەگۆڕدرێت.

*ئێمە بواری ئەوەمان نییە زۆر لەسەر ئەو كیانە ئیسلامییە قسە بكەین، ئەگینا زۆر هەڵدەگرێت، بەڵام حوكمی هەندێك لەحزبە ئیسلامییەكانمان بینی، ئەو عەدالەتەی تۆ باسی دەكەیت لەواندا نەبوو. من لەهەڵەبجە مامۆستابووم حزبە ئیسلامییەكان گۆشتیان دابەشدەكرد، بەڵام منیان لەنێوان هەموو دراوسێكاندا دەپەڕاند )لەسەردەمی گرانیدا) ئێ خۆ من كابرایەكی مولحید نەبووم، جا بۆیە ئەوەی تۆ باسی لێوەدەكەیت شتی یۆتۆپین‌و سەردەمی (عومەری عەبدولعەزیز) لەسەدەی (21) دا تۆزێك مەحاڵە.. ؟!

-مامۆستا كاروان من دوو خاڵم هەیە:

١. لەهەڵەبجە حزبی لێبوو، نەك حوكمی ئیسلامی، خۆ پارتی ناڵێت حزب دەڵێت حكومەت.

٢. رەنگە تۆ هەندێك شتت دیبێت لەهەڵەبجە، ئەو شتانە پاڵی بەئێمەوە دەنا كۆمەڵی ئیسلامی ئیعلان بكەین، ئێمە پێمان واقعێكی مەرفوز بوو، چەندین شتی ناشەرعی شكایەتی لێدەكرا.. بۆیە من بەجێمهێشتن وەك هەڵوێست وەرگرتن.

*ئەی مامۆستا، جەنابت هەرگیز دڵداریت كردووە؟

-كاك حەمید زانایان دەڵێن عیشقی حەقیقیو مەجازی هەیە (ولله المثل الأعلى) ، بەڵام من لە مەجازیدا دوو جار ئافرەتم خۆشویستووە" یەكەمیان لەساڵی ١٩٨٤ بوو كە بووە خێزانم، ناوی (روخسار) بوو (خاتوو مەلاژن) ساڵی ١٩٩٦ وەفاتی كرد، خوا لێی خۆشبێت، (٦) منداڵی لەدوا بەجێما.. دووەمیان خێزانی ئێستام لەساڵی 1993 بوو بەهاوسەرم، دیارە ئەو دوو ئافرەتە، پێش ئەوەی بیانهێنم لەگەڵ گونجانی ئادابی شەرعدا خۆشم ویستوون.. تەنها ئەو دووجارە ئافرەتم خۆشویستووەو خوای گەورە هەردووكیانی بەنسیبم كرد.

*ماندوومان كردیت مامۆستا، هیواداریین جارێكی تر بیبینەوە خزمەتی ئێوە.

-خۆشحاڵبووم.

كوردستانێت: لەبەر ئەوەی رۆژنامەی (بەدرخان) لەسەر تۆری ئینتەرنێت نیە وەك هاریكارییەك ئەم چاوپێكەوتنەمان بۆ خوێنەرانی، ئینتەرنێت و كوردستان نێت، بڵاوكردەوە. هیواداریین لە پاشەرۆژیشدا پەیوەندی كوردستان نێت و بەدرخان پتەو بێت .

www.kurdistannet.org